# هەزارەی بابا تاهیر هەمەدانی

<u>نووسینی فلك الدين کاکەیی</u>

وا ڕێککەوت ئەمسالٚ (٢٠١٠ز) بە هەزارەی بابا تاهیر هەمەدانی بزانین، کە تێپەڕبوونی هەزار ساڵە بەسەر کۆچی دوایی بیرمەندی بابا تاهیری (باوەتاهیری) هەمەدانیە، کە ساڵی (٩٣٥ز) لە شاری هەمەدان لەدایك بووەو ساڵی (١٠١٠ز) هەر لەو شارە مالاٌوایی لەم جیهانە کردووە.

هەرچەند یاد کردنەوەی ساڵڕۆژی لەدایکبوو، لە هی مردن، گونجاوترە، بەلاٌم هەندێ جار بەهەردوو بۆنەکان بایەخ دەدرێ، کە بەمانای ڕێزنانە لە کەسایەتیو بیرو تێکۆشانو داهێنانی مرۆڤە مەزنەکانی مێژووە.

بابا تاهیر مەزنێکی مێژووی هەرو ئەدەبیاتی کوردییە، کە پسپۆڕانو زانایانی بیانیو خۆماڵی مێژووی زمانو ئەدەب شیعری باباتاهیربە دەستپێکی (ئەدەبیاتی نووسراوەی) کوردی دەزانن، بۆ نموونە بڕوانە لێکۆڵینەوەی گرنگی د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردی[1] کە فەسڵێکی بۆ ژیانو داهێنانی باباتاهیرو کەلەپوری کوردی یارسان تەرخان کردوە

### باڵوولی دانا:

کەواتە یادی هەزارەی بابا تاهیری هەمەدانی بەمانای هەزارەی ئەدەبیاتی کوردی پاش ئیسلامە، هەرچەندە بەڵگەی وەهاش خراوەتە ڕوو کە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی لەدوای هاتنی ئیسلام و بلاٌوبوونەوەی زمانو فەرهەنگی عەرەبی، بۆ زیاتر لە هەزارو دووسەد ساڵ دەگەڕێتەوە، مەبەستمان دەستخەتی

---

(١) ـ مێژووی ئەدەبی کوردی د. مارف خەزنەدار ب ١.



www.iqra.ahlamontada.com

شیعری بالوولی دانا (بالوولی ماهییه)، که سالآنی (١٤٦-٢١٩)ی کۆچی لە لوڕستان ژیاوە، واتە هەمان ژینگەی جوگرافیاو کۆمەڵایەتی باباتاهیری هەمەدانی.

کەواتە: هەر دووسەد ساڵ دوای زاڵبوونی زمانو فەرهەنگی عەرەبی، لە لوڕستان پاشان لەهەمەدانو کرماشانو شارەزوورو هەورامان بەکارهێنانەوەی زمانی کوردی لەئەدەبو هزرو ژیانی ڕۆژانەدا سەریهەڵداوەتەوە.

دوا بەدوای بالوولی ماهی (بالوولی دانا)، چەند زاتێکی لوڕستانی پەیدابوونە کەبەزمانی پاراوی کوردیی شێوە زاری لوڕی ئاوێتەی گۆران، شیعریان داناوە، لەوانەش، بابا لوڕەی لوڕستانی، لەنێوان سەدەی دووەمو سێیەمی کۆچیدا ژیاوە، بابا ڕەجەبی لوڕستانی، لە هەمان سەردەمدا بووە، هەروەها بابە(بابا) حاتەمی لوڕستانی، بابا نجومی لوڕستانی، کە شیعرو یادیان لە دەستنووسەکانی (سەرانجام[1]، ماوەتەوە.

لە نووسراوەکانیدا ناوی (بابا) کەئەسڵەکەی(باوە) یە، بە (بابە)ش نووسراوە، لەلایەن عەلەوی و بەکتاشییەکانی تورکیا بووە بە(بەبە). کە باوە( بابە=بابە=بەبە) پلەیەکی ئاینی بەرزی یارسانو ئایینە کوردییە کۆنەکانی بەر لە ئیسلامو دوای ئیسلامە، بابا(باوە) هەندێ جار(پیر=مورشید ورێنوما)ی ڕێبازی ئایینی هەبووە.

**باوەکانی دیکە:**

باوە سەرهەنگ(سەرهەنگی دەودانی) ساڵی (٣٢٤) کۆچی لە چیای شاهۆ(هەورامان) لەدایکبووەو کۆمەڵێك وتەی بەنرخی لێ بەجێماوەو چەندین زانای دیکەی لەدەوردا کۆبوونەتەوە، لەوانەش:

بابا قەیسەری هەورامی، لە هەمان سەدەی چوارەمی کۆچیدا، هەروەها بابا سەرنجی کەلاتی، بابا گەرچەکی هەورامی، دایە تەورێزی هەورامی، کە یەکەمین ژنە ڕۆشنبیرو بیرمەندی کوردە ناوی لە (سەرانجام) دەسخەتی سەردەمی بابا

---

[1] کتێبی سەرنجام ، تەیب تاهیری



www.iqra.ahlamontada.com

سەرهەنگی دەودان هاتووە، دایە تەوریز لە سەدەی چوارەمی کۆچی ژیاوەو هەندێ شیعری بە کوردی ماوتەوە.

**شاخوشین:**

قۆناغی دواتر سەردەمی پەیدابوونی شاخۆشین(شاخوەشین)ی لوڕستانییە (٤٠٦-٤٦٧ کۆچی)، کەناوی دروستی: موبارەك شا، کوڕی جەلالەخانمی کچی میرزا ئامانەی لوڕستانییە، کە لەو سەردەمەدا فەرمانڕەوایی لوڕستان بووە.

جەلالە خانم، کە بەماما جەلالەش ناوی هاتووە، ڕۆشنبیرو زانا بووە، هەر بۆیەش موبارەك شا (شاخوشین)ی کوڕی زانایەکی گەورەی لێدەر چووەو ڕێبازی یارسانی [١] گەیاندۆتە تەواوی ناوچەکانی لوڕستانو هەمەدان و کرماشانو هەورامانو دەشتی بەغداو کەرکوكو جێگەی دوورتر.

بابا تاهیری هەمەدانی(٣٩٠-٤٥٠کۆچی) =(٩٣٥-١٠١٠ز) لە سەردەمی شاخۆشین لەدایکبووەو لە بەر ڕۆشنایی ڕێبازی یارساندا پەروەدە بوەو پێگەیشتووە، لەچەندین چوارینە شیعریدا بابا تاهیر ئاماژە بەو ڕێبازە ئایینیە سۆفیگەرییە دەدا، هەرچەندە هەوڵدەدا بە ڕەمزو هێمای تایبەتی پیشانی بدات، چونکە پەیڕەوانی سوفیگەری ئەشکەنجە دەدارانو لەسێدارە دەدران، هەر لەو سەردەمە بوو کە مەنسووری هەلاج لەبەغدا بەشێوەیەکی دڕندانە شەهید دەکرێت.

ژنە ڕۆشنبیینەکانی لوڕستانو هەورامان:

دوای جەلالە خانم (ماما جەلالە) چەندین ژنی زانای ڕۆشنبین لە لوڕستانو هەورامان، لە سەدەی چوارەمو پێنجەمی کۆچیدا، پەیدا دەبنو شان بەشانی پیاوان شیعری عیرفانیو سۆفیگەری بە زمانی کوردی دادەنێن، کە پاشماوەی لەپەڕاوی (سەرانجام)و دەفتەرەکانی دیکەی یاراسان ماونەتەوە.

**لەو ئافرەتانەش:**

ڕەیحان خانمی لوڕستانی، فاتیمە لوڕەی گۆران، (هاودەمی بابا تاهیری هەمەدانی)، لیزاخانمی جاف، کە جوان بووەو شیعری لەسەر بەهار گوتووە، هەروەها خاتوو مەی زەرد، و دایە خەزانی سەرکەتی، ....و ئەوانی دیکە.

---

(٢).



www.iqra.ahlamontada.com

خۆ ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی ڕۆژێك لە ڕۆژان بپرسێت، کە لەچی سەردەمێکەوە ژنی داهێنەر هاتوونە ناو وێژەی کوردییەوە، ئەوە لەناوی ئەو خانمە سەر بەرزانە زیاترمان بەرچاو ناکەوێ. وەلێ مەخابن هێشتا پسپۆرو زاناو لێکۆڵەرانی کورد ئەو ڕاستیە بەلاوە دەنێن، یا نایبینن، یا باوەڕیان نیە بە کەونای کەلەپوری نەتەوە بیان.

هۆیەکی دیکەش هەیە کە پەردە بەسەر ئەو ڕاستییە دا دەدا ئەویش تێنەگەیشتنە (یان بە هەڵە تێگەیشتنە) لە ئایینە کۆنەکانی کورد، لەوانەش ڕێبازی یاراسان( ئەهلی هەق=کاکەیی).

یەکەم : لەلایەنی توێژی ڕۆشنبیری کوردەوە کە فەرهەنگی عەرەبی(ئیسلامی) بەسەریانا زاڵ بووەوەو کۆمەڵگای ئیسلامیش بەگشتی دەرگای بەسەر گشت ڕێبازو کلتووری غەیری عەرەبیدا داخستووە، هەر هەزاو چوار سەد ساڵ زیاتر کۆمەڵگای ئیسلامی( لەهەر نەتەوەو جوگرافیاییەك، بەکوردستانیشەوە) پەیڕەوی تەك فەرهەنگی، نەك مەزهەبی، تەك کەلەپوری، تەك ڕێبازی وە تەنانەت تەك مێژوویی هەبووە، ڕێگەی نەداوە بە فرە چەشنەیی=فرە زمانی=فرە ئاینی=فرە ئاینزایی=فرە ڕێبازی =فرە بۆچوون....تەنانەت لە چوارچێوەی ئسلامیشدا..... هەر بۆیەش لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا هێشتا جیاوازییگەریو (تەنانەت جۆرە جینۆساید ڕەتکردنەوەی ئەوی تریش دەبینین: وەك: دەزگاو پەیڕەوانی مەزهەبی سوننە دژ بە مەزهەبی شیعەو ڕێبازەکانی تر، هەروەها شیعە دژ بە سوونەو ڕێبازە عیرفانیەکان، یا پەراوزێکردنی مەسیحی، یەزیدی، سابیئەی مەندایی، ئەحمەدی قادانی، سیخ، دروزی، عەلەوی، ئیسماعیلیو ئەوانی دیکە....

دەرگا داخستن بەڕووی هەر مەزهەبو زمانو کەلتوورو ئایینی دیکەدا وەهای کردووە کەس بە ئاسانی تێنەگات لە ڕێبازێکی عیرفانی وەك یارسان، کە لەلایەکەوە ئیسلامیشە، لەڕووی زمانو ڕیشەی مێژووییو باری کۆمەڵایەتیشەوە بۆ فەرهەنگی میترای(میهر پەرستی) زەرڤانی(زەردانی)و زەردەشتیو مانی دەگەڕێتەوە.



www.iqra.ahlamontada.com

هەروەكو زمانو ئەدەبی عەرەبی سەراپا بۆ سەردەمی جاهیلیەتی بەر لە ئیسلامیش دەگەڕێتەوە. دیارە كە فەرهەنگی عەرەبی پێش ئیسلام كەلەپوری بوتپەرستیو فرە خواناسیو، بەمانای ئەمڕۆ (كوفرو شرك)یش لە تەكدا هەبووە.

بەڵام ڕووناكبیرانی عەرب، تەنانەت توێژەر ئاینیەكەشیان، ڕۆژێك لەڕۆژان خەتیان بەسەر فەرهەنگی جاهیلدا وەكو كولتوور، نەهێناوە، هەروەها پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی (كریستیان) كە تەواوی ئەوروپای گرتووەتەوە، خەتیان بەسەر فەرهەنگی فەلسەفەو بۆچونەكانی بەر لە لەدایك بوونی مەسیحیا نەداوە، بەڵكو ڕێزیان لە گشت فەرهەنگەكانی پێشوو گرتووە، كەبەر لە عیسای مەسیح لە وڵاتانی ئەوروپا بوونە: وەك فەرهەنگی میترایيو مانی( كە بەر لە مەسیحیەت لە ئەوروپا زاڵبوونە..هەر لە كوردستانو ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ئەوێ چوونە )....هەروەها فەرهەنگی یۆنانی بەگشتی، كە سوودمەند بووە لە كولتووری زەردەشتیو هیرمسی(گەنووسی)و فیرعەونیو تەنانەت هیندیش.

هیچ نەتەوەیەكی زیندوو كەلەپووری خۆی پشتگوی ناخاو نایخنكێنێ، وەكو هەندێ توێژەری كورد دەرهەقی فەرهەنگی كۆنی كوردی بەر لە ئیسلامو دوای ئیسلام كردوویانە.

بەڵێ: بۆ خواناسیو یەكتا پەرستیو باوەڕداری چ بەئایینی ئیسلام یا هەر ئاینێكی ئاسمانی دیكە. ئەوەیان لەجێگەی خۆیەتی.

بەلام خۆ دەبی شوێنێكیش بۆ كەلەپوری كەوناریانە بكەینەوە، نەخاسمە كە بەزمانو ئیدیومو ئەفسانەی كۆنی خەڵكی ئەم خاكەوە بەندە.

دەتوانین باوەڕ بە ڕێو ڕەسمو "عەقیدە" كۆنەكان نەهێنن و بەلاوەی بنێین، بەڵام ناتوانین دەیان هەزار لاپەڕەی نیمچە شاراوەو ونبووی تێكستی ڕەسەنی كوردی كۆن فەرامۆش بكەن. خۆ ئەگەر بە شێوەی زانستیو بێلایەنیو بەچاو ئینسافو هەقو باوەڕدارانیو دینداری دورستەوە لەفەرهەنگی كوردی كۆن بنۆڕین، دەبینین كە پەیامی ڕۆشنی یەكتا پەرستیو خواپەرستیو فەلسەفەی قووڵی خواناسی عەشقی عیرفانیو جیهانبینی گەش لەژێر هەوری فەرامۆشی پەراوێز كردنی دوورو درێژ، وەك ڕۆژی ڕووناك، لەریشەی كەلەپووری كوردی دەدرەوشێتەوە.



www.iqra.ahlamontada.com

**ئایین و فەرهەنگی زەدەشتیش پەراوێز ئەکەن:**

زۆران کەس لە توێژی زانایـان و ڕووناکبـیرانی کـورد، تەنانـەت ڕەسـانەیەتی کوردبوونی ئـایین و کـەلتورێکی دەولەمەنـدو ناسـراو وەك زەردەشـتیش پـشتگوێ دەخـەن و، هـەوڵنادەن ریـشەی حاشـاهەڵنەگری زمـانی (ئاوێـستا) لـە نێـو فەرهەنگەلی شـێوەزارەکانی ئێـستای کـوردی بدۆزنـەوە، کـە بـیانیان خەریکـە ئەوەمان بۆ دەکەن.

کەواتە: هەموو ئەو هۆیانە وەهایان کـردووە نـەوەکانی تـازەی کوردسـتان لـە کەلتوور و کەلەپووری خۆیان ئاگادار نەبن.

لەئاستی خواناسی و یەکتا پەرستی و باوەڕیشەوە پەیڕەوانی ئایین و ئاینزا کـۆن و تازەکانی کورد هیچیان لە باوەڕدارانی مەسیحی و موسڵمان و جـوو ئایینـەکانی دیکەی کەمتر نییە، ئەوەتا زۆرینەی توێژەران، لەوانەش زانای عـەرەبـی و فارسـی و ڕووسی و ئەڵمانی و ئەوانی دیکە، ئایینی زەردەشـت بەیـەکتا پەرسـت و خوانـاس و پاك و بـێگەرد دەناسن.

خۆ ئەگەر، لەلای زانایانی ئایینی کوردو ڕووناکبـیرانی دیکە بەگشتی، تـەنیا ئەو ڕاستییە سەبارەت بە زەردەشت ساغ ببـێتەوە، ئـەوە کێـشەی تێگەیـشتن لـە ئاینزاو ڕێبازو تەریقەتە سۆفیگەرییە گەورەکان، لەبناغەوە، چارەسەر دەبن. ئەوەش سەلمێنراوە کە سۆفیگەری بەر لـە مەسـیحیەت و ئیـسلامیش هـەبووە، ڕێبـازی و سۆفییگەری ئیـسلامیش، بـۆ ڕێبـازی زەردەشـتی و میترایـی دەگەڕێتـەوە. بـەڵام چـەمکی دوگمـا (بەسـتەڵەکی فیکـری) و یەکلابـینی و تەکبـینی و خۆبـینی و قبوولنەکردنی ئەوانی تر، وەهای کردووە باوەڕدارانی ئایینـە ئاسمانییـەکان، هـیچ تروسکەیەکی ڕووناکی خواناسی و خواپەرستی و خواناسی پەیڕەوانی ئایین و ئـاینزاو ڕێبازەکانی دیکە نەبـینن.

هۆیەکی دیکـەش: دواکـەوتووی و تـرس و تۆقانـدنی پـەیڕەوانی ئـەو ئایینـە کوردانەیە کە نەیانوێراوە بەئاشکرا خۆ بنوێنن، چونکە هەمیـشە دەمکـوتراون و، زۆربەی جاران بەکۆمەڵ و بەتاك کوژراون.



www.iqra.ahlamontada.com

بەڵام ئێستا لەسەدەی بیستو یەکەمی زایینیدا، ئیتر ئەو دەرفەتە ئازادییە ڕەخساوە، شان بەشانی شۆڕشی گەیاندنو زانیاری، تا گشت باوەڕدارانی ڕێبازو ئایین و ئاینزا شاراوەکان (و... شاردراوەکان و قەدەغەبووەکان، بەسەربەستی بتوانن ڕاستی خۆیان دەربخەن.

هێشتا ماویەتیو لەهەندێ جێگە کۆسپو لەمپەڕ خەتی سوور لەپێشدا ماونەتەوە، وەلێ، بەگشتی، کۆمەڵگاکان چ ئیسلامی یا مەسیحیو ئەوانی تر، بەڕووی فرە لایەنی مەزهەبیو ئایینیش، وەکو فرە لایەنی حیزبیو سیاسی، دەکرێنەوە.

بێگومان، لەساڵانی دژوار و تاریکی پەراوێزو سەرکوتکاریو نەزانین، کۆمەڵێك خەرافاتو ئەفسانەو بڕواو بۆچوونی پڕوپووچ، بە دەور هەندێ ڕێبازو ئاینزادا تێکاڵاوە، وەختێکی دەوێ تا جەوهەری دروستی بڕواکان بخرێتە بەرچاو، .... ئەو کاتە دەبینرێت کە کرۆكو جەرگو جەوهەری ئایینەکانو ئاینزاکان، لەسەر ئەرزدا یەکنو یەك شت ئەڵێن: ئەویش ستایشو پەرستنو ناسینی تاکە خوای پەروەردگاری جوانو میهرەبانە، کە تەواوی خوڵقێنراوانی خۆی خۆشدەوێو لەئاستی هەموویاندا دلۆڤانو لێبوردەو میهرەبانو بە بەزەییو سەخاوەتمەندە. ئەو پەروەردگارە یەزدانە هەمیشە میهرەبانە، تەنیا بەخۆی ئەزانێ چۆن تەمێی خەتابارو هەڵە دارەکان دەکاو، چۆن پاداشتی ڕاستانو دروستکارانو باوەڕداران دەداتەوە.

## زمانی سومبولێکی باوەتاییر:

باوە تایری هەمەدان یەکەمین شاعیرو بیرمەندی ناسراوە کە ڕچکەی سۆفیگەریو عەشقی خوداوەندی هێناوەتە نێو وێژەی کوردییەوە. ئەگەر وەکو بیرمەند(هزرڤان)و زانای خاوەن جیهانبینی خۆی، تەماشای باوە تاییرو فەقێ تەیرانو مەلای جەزیریو خانی قوبادیو خانیو شاعیرانی تر نەکەین، ئەوە دەکەوینە هەڵەیەکی مەعریفییەوە.

بەلای منەوە شاعیرە کلاسیکییەکانمان تەنیا شاعیری، ڕێکخەری بەیتی شیعریو قەسیدەو گوتار نەبوونە، بەڵکو شیعر تەنیا ئامرازو شێوەی دەربڕینی



www.iqra.ahlamontada.com

بـیرو فەلسەفەیان بـووە، چـونکە چـاپو چـاپخانەو ئـازادی نووسـینو دەرفـەتی پەخشانی شـرۆڤە و ڕاڤـەو لێکۆڵینـەوەی هـەزاران لاپـەرەیان نـەبووە. شـاعیرانی کلاسیکی، بـیرمەند، سیاسی، کۆمەڵناس، فێرکـارو پەروەرانـدنو فەیلەسـوفانی سەردەمی خۆیان بووە.

ئەگەر، بۆ نموونە دیوانی مـەلای جـەزیری شـی بکەینـەوە سـەرەرای تـەواوی مەکتەبو قوتابخانە فەلسەفیو فیکرییەکانی سەردەمی خۆی تێدا دەبـینین.

بە هەڵە تێگەیشتن لە وەزیفەی شیعر کـە فەلـسفەو تیـشکهاوێژی فیکرییـە کارێکی وەهای کردووە لەسەدەی بـیستەمەدا تەنیا دوو —سێ شاعیرمان هەبـێت. (ئەم باسە بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵدەگرین).

ئێستاش لەسەر زمانی باباتاهیر دەڕۆیـنو دەبـینین کـە تـا چـەند خۆپـارێزو نهێنیکارو سومبولێك شیعری داناوە دیارە ناچار بووە... یا هیچ نەڵێت، یا بەزمانی هێماو ئاماژەو ڕەمزەوە بدوێ.

وەکو گوتمان، باوە تایر لەسەردەمی سەرهەڵدانی کۆمەلێك ژنو پیاوی ڕێبـازی عیرفانو سۆفیگەریو عەشق، لە هەرێمەکانی لوڕستانو کرماشـانو هـەورامانو هەمەدان، جێگەی تر، دەرکەوتوونـە، کـە هـەر لەوسـەردەمەدا سـۆفیگەری لـە تەواوی جیهانی ئیسلامی ئەو دەمەدا کە لە سنوری هیندسـتانەوە تـا ئـەوروپاو ئۆقیانووسی ئەتلەسو ناوەندی ئەفریقای دەگرتەوە، وەکو ئـاگر لـەپووشو پـەلاش سیـستەمی دۆگمـا بەسـتەلەکی فیکـریو کۆمەلایـەتیو سیـستەمی سیاسـی بەربووبوو.

سۆفیگەری بەخیرا بوو بە ڕێبازی ئۆپۆزسیۆنی تەواوی ئەو سیستەمە، چونکە بـیرو هۆشو ویژدانی ئینسانی، لەڕێگەی عیرفانو سۆفیگەرییەوە، ئـازاد دەبـوو. واتە: سۆفیگەری بوو بە ڕێبازو ئایدلۆجیەتی جوولانەوە ئازادییبەخشەکانی گـشت ئەو کۆمەڵگایانە، بەتایبەتی لە سنوری ئێـستای عێـراقو کوردسـتانو ئـێرانو ئەفغانستانو.... ڕۆژئاوای ئیسلامیو سوودانو...تا د!

لەو سەردەمە (بەر لە نزیکەی هـەزار سـاڵو ....بـەدواوە) هزرڤـانو نووسـەرو فەیلەسوفی گەورە (دەرکەوتن وەك: ئەلکنـدی، ئـیبنو سـینا، فارابـی، حەسـەنی بەسری، مەسنوری حـەلاج، بایەزیـدی، جونەیـد، ئـەمجا ئـبن و عـەرەبـی، شـیخ



www.iqra.ahlamontada.com

شــەهابەدینی ســوهەرەوەردی، حــافز... ســەعدی، دواتــر مــەولانا جەلالــەدینی ڕوومی...تاد!

زۆربەی ئەوانە پەیڕەوکاری ڕێچکەی فەلسەفەی تیشکهاویشتن(ئیشراق) بوون، کە لە فەیلەسووفانی یۆنانی وەك سوقرات‌و ئەفلاتوون و فیــساغورسەوە مــابووەوە ... ئەوانیش لە فەلسەفەو کولتووری میترایــی‌و زەردەشــی‌و گونوســی (هیرمــس- فیرعەونی)و بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتەوە، وەریانگرتبوو.

بازنەی بــیرو فەلسەفەو بۆچوون، بەو شێوەیە، لــە ڕۆژهەڵاتــەوە بــۆ ڕۆژئــاواو، ئەمجا لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، لەهاتووچۆدابوو.

## سەردەمی پەیدابوونی:

ئا لەو سەردەمــەدا بــوو بابــا تــاهیر پەیــدابوو، نزیکــەی هەشــتا ســاڵ دواتــر عومــەری خەیام دەرکــەوت، کــە چــەندین وێنــەی شــیعری‌و فیکــری‌و هەمــەدانی وەگرتووە، لەوسەردەمــەدا سیاسەتی ڕەسمی فیکــری دەوڵەتــەکان، بــە تونــدی دژی ڕێبازی ئازادیخوازنەی سۆفیگەری‌و عەشقی عیرفانی بوو.

لەو ڕا دەیان هەزار پەیڕەو کاری ئــەو ڕێبــازە کەوتنــە بــەر گــرتن‌و کوشــتن‌و دەمکوتکردنی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی دەوڵەتان. زاناو ڕۆشنبــیــنی هــەرە مــەزن پەراوێز کران، یا ناچار بــێدەنگ بــوون، ئــەوانیش کــە بــێپەروا بــوون‌و خۆیــان دەردەخست، دڕندانە دەکوژران، بۆ نموونە: مەنسوری حــەلاج، دواتــر عــەینولقزاتی هەمەدانی، شەهابەدینی سوهەرەوی‌و، نەسیمی، سەدان بــیرمەندی دیکە.

بابا تاهیر، لەئەسلدا، کەوەکو زانیارییەکان ماونەتەوە، لەژینگــەی پــڕ ڕەمــزو ڕازی یاراسان پەیدابووە، هەر بۆیەش بڕواو فەلسەفەی خۆی لەتۆی هێماو ئامــاژەی ناڕاستەوخۆ دەربڕیوە.

## بابا تاهیرو عومەری خەیام

بەپێی هەندێ سەرچاوە بابا تاهیر نزیکەی ساڵی ٤١٠ کۆچی یا ٤٥٠ کۆچــی مردووە. عومەری خەیام نزیکەی ٥١٧-٥٢٠ کۆچی مردووە.



www.iqra.ahlamontada.com

واتە، بەلایەنی کەم بابا نزیکەی ٧٠-٨٠ ساڵی بەر لە عومەری خەیام ژیاوە. بابا لە هەمەدان‌و خەیام لە نیسابوو(خوراسان) پەیدابوونە، ڕەنگە هەردووکیان لەژێر کاریگەری بیرو فەلسەفەی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا بووین، هەر بۆیەش وێکچوون لە هەندێ بۆچوون‌و بیری فەلسەفیان دەبینین، لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەوەی کە بابا تاهیر زووتر دەرکەوتووە، بەلام لە شێوەو خێرایی گواستنەوەی بیرو شیعری ئەو سەردەمە، لە ناوچەیەکەوە بۆ ئەوی تر ئاگدارنین. لێرەدا یەکدوو چوارینەی باباتاهیرو خەیام دێنینەوە، کە لێکەوە نزیکن، یا کوتومت یەکن:

١-بابا تاهیر ئەلێت:-

ئەگەر دەستم بگاتە چەرخی گەردوون
دەپرسم لێی کەوا ئەم چوونەو ئەو چوون
یەکێ پێت داوە سەد جۆر نازو نیعمەت
یەکێکیش نانی جۆی ئاوێتەی خوون

(دلۆزار کردوویەتی بە سۆرانی)

عومەری خەیام ئەلێت (بەفارسی):-

گر بر فلکم دست بری چون یزدان
برداشتی من این فلك را زمیان
و زنو فلکی دگر چنان ساختی
ئازادە بکام دل رسیدی اسان

-ئەحمەدی شالی ئەم دوو بابەتەی کردووە بە کوردی:

گەر ئەبووم بە خاوەنی جیهان
هەمووم سەرتاپا تەخت ئەکرد و وێران
ئەوسا بە چەشنێ نوێم ئەکردەوە
ئازاد بەکامی دڵ بگەیت ئاسان



www.iqra.ahlamontada.com

٢-باباتاهیر( بەکوردی —دڵزار):-

خودایـــــە گـــــەردنی گـــــەردوون ببــــــی ورد
کـــە ڕۆلانـــی جیهـــان ســـەر لەبـــەر بـــرد
یـــەکێ نـــەیگووت: فـــلان وا زینـــدوو بـــۆوە
دەڵـــێن گـــشتیان فـــلان کـــورِ فـــلان مـــرد

-خەیام (بەکورد- وەرگێڕانی ئەحمەدی شاڵی):

بـــی حـــەد بـــی حـــساب مـــردن پـــیرو جـــوان
نەمانبیـــــست کەســـــێ بـــــیتەوە لـــــەوان
ڕێـــــی هـــــاتو نـــــەهات ناگەڕێنـــــەوە
چیـــیت هەیـــە بـــیبە لـــە ســـوكو گـــران

٣-بابا تاهیر (بەکوردی —دلزار):-

کـــەتۆ نەخوێنـــدوە عیلمـــی ســـەماوات
کـــە تـــۆ نابەیتـــە دەر ڕێ لـــە خـــەرابات
کـــە تـــۆ ســـوودو زیـــانی خـــۆت نـــەزانی
بـــەیاران کـــەی دەگـــەی هەیهاتـــە هـــەیهات!

-خەیام ( بە وەرگێرانی کوردی-شێخ سەلام)

نەکەنیـــشتە جـــوو، نەمزگـــەوت بـــیبنین
لـــەکام گـــڵ خولقـــاوم، بـــۆ خوایـــە زانـــین
دیـــنو بەهەشـــتو دنیـــام لەدەســـت چـــوو،
وەك گـــــاوری لاتو قەحپـــــەی ناشـــــیرین!

هەمان چوارینە، ئەحمەد شاڵی بەجۆرە کردوویەتی بە کوردی

بـــۆ دێـــر دەســـت نـــادەم، مزگـــەوتیش یـــەقین
خۆشـــم نـــازانم کـــە مـــن چـــیم لـــەژین
لـــەدنیا بـــوومو بەهەشـــتیش هـــەرودك
لاتـــی بـــی ئیمـــان قەحپـــەی ناشـــیرین



www.iqra.ahlamontada.com

٦- بابا تاهیر (بەکوردی —دلزار):

زەمـــــانێ لالـــــەزاران حەفتەیەکـــــە
کـــە فەســـڵی نەوبـــەهاران حەفتەیەکـــە
هەڵێکـــە یـــاری گیانیـــت دەســـکەوێ تـــۆ
کـــە وەســـڵی ڕووی یـــاران حەفتەیەکـــە

(بابا. چوارینەی دیکەشی بەومانایە هەیە).

-خەیام (بەکوردی —شێخ سەلام):

ســـاقی، ســـەوزە گیـــاو گـــوڵ تێکـــەڵاوە
تیپـــەڕی: بـــەهار حـــەوت ڕۆژی مـــاوە
شـــەراب بنۆشـــە، ســـوبحەی ئەیبیـــنی:
گـــوڵ: خـــاك، گیـــا :دڕك، ســـەوزە فـــەوتاوە

(لە سێ چوار چوارینەی دیکەی خەیامدا هەمان ماناو بۆچوون دووبارە دەبنەوە).

٧-باباتاهیر لەز مانی ( وەرزێڕێکەوە) دەدوێ‌و خەیام باسی (گۆزەکەر) دەکات کە هەردووکیان یەك ماناو یەك دنیا بینی دەردەبڕن.

-بابا (بەکوردی —دلزار)دبێژێت:

وەرزێـــرێ لـــە ئـــەم دەشـــتە دەینـــاڵان
بەچـــاوی خونبـــار هەلاڵـــەی دەچـــان
هـــەردەی وەشـــاندو دەیگـــوت دریغـــا
دەبـــی لـــەم دەشـــتە چـــاندن‌و جێمـــان

-خەیام (بەکوردی —شێخ سەلام)

گـــوزە کـــەرێکم دوێ دی لـــە مەیـــدان
قـــوڕی ئەشـــێلا بـــە دڵ‌و بـــەگیان
بـــەزمانی حـــاڵ ئـــەو قـــوڕە ئـــەیگوت
مـــن وەکـــو تـــۆ بـــووم بـــەس بـــی تیـــك شـــیلان



www.iqra.ahlamontada.com

٨-بابا تاهیر (بەکوردی —دلزار):

مــــن ئـــەو ڕەندەمـــــە، عوســــیانە پیـــــشەم
بـــــە دەســــــتی جـــــامو بەدەســــتی شیـــــشەم
گــــەرتۆ بـــــی خـــــەتای ببـــــە فریـــــشتە
مــــن لـــــە حـــــەواو ئادەمـــــە ریـــــشەم

-خەیام (بەکوردی-ئەحمەد شالی)

دەســــتێك بـــــە قورئـــــان دەســــتێکم بـــــەجام
لایـــــەکم حــــــەڵاڵ ئـــــەو لاکــــــەم حــــەرام
لــــەم ژێــــر گومــــەزی شــــینە ئێمــــە وایــــن
نــــە تــــەواو کـــــافر، نەتــــەواو ئیـــسلام

٩-بابـا تـاهیر (بەسـۆرانی-کـاروان عوسمـان عـەلی، کـە بەشـێوەی خـۆی دایدەڕێژێتەوە)

لەلاپەرە (١٤٥) دەڵێت:

مــــنێ بـــــی مــــەیو بـــــی بــــادە مەســـــتم
لەدولبــــــەر دوورم بـــــــیهۆشو هەســـــــتم
لــــەناو ئــــاگردام هەســــت ناکــــەم گــــەرم بـــــی
بــــەڵام تـــــینی عیــــشق نـــــاو دڵ گەســـــتم

-خەیام ( بەکوردی —ئەحمەدی شالی) —ل ٦٢

گـــــەر لەمـــــەی مەســـــتم بـــــەڵێ مـــــن مەســـــتم
کـــــافرم بـــــی دیــــن مــــن بــــت پەرســــتم
هــــەر کــــەس بـــــەجۆرێك ئەمداتـــــە قەڵـــــەم
مــــن خــــۆم ئــــەزانم چـــــی یـــــە مەبەســـــتم



www.iqra.ahlamontada.com

-خەیام (هەمان سەرچاوە ) ل ٧١ دەلێت:

گــــەر ســـــەرخۆش نـــــابم پەســـــتو دلگـــــیرم
کەســــــەرخۆش ئـــــەبم بــــــی هـــــۆش‌و بـــــیرم
حالێکـــــــە بـــــــەینی هۆشـــــیاری‌و مەســـــتی
بەنـــدەی ئـــەو کاتـــەم گـــەر بـــی دەســـت گـــیرم

١٠-بابا تاهیر(بە- هەورامی باقی -شەفیعی سەیاد) ل ٥١:

فەســـلی وەهـــار مـــەی نەهـــەر جـــا گولـــەیٚ
نـــە هـــەر بـــاخێوە هـــەزار بولبـــولیٚ
نیـــارۆ هـــەنگام بنیێـــو مـــەکانیٚ
نـــەوا چـــون مـــن بـــۆ پروزیـــا دلـــیٚ

واتە: بەهارەو گوڵو بولبولە، ناوێرم پیٚ بنیێم، نەك ئەویٚ، وەك من دڵ سووتاوێك بووبیت.

خەییام ( بەکوردی -ئەحمەدی شالی) -ل ٦٩ دەلێت:

لـــە هـــەر قـــوژبنیٚ ســـەوزەو مێرگێکـــە
لـــە خـــوێنی گەشـــی جوانـــە مەرگێکـــە
پـــیٚ تونـــد دامـــەگرە لـــەر ســـەوزە گیایـــە
ڕەگ و ڕیـــــــــــشەی دڵ و جەرگێکـــــــــە

تێبینی: ئەگەر لەم دوو چوارینەدا، بەتەنیشت یەکەوە دابنێین‌و بەراوردیان بکەین، ئەوە هێشتاش زیاتر لەیەکتر دەچن..چونکە وەرگێڕانە کوردییەکان هەندیٚ دەستکارییان تێدایە، ئەویش لەبەر جوانکاری هونەری شیعر.



www.iqra.ahlamontada.com

١- بابا تاهیر(بەکوردی —دلزار):

دبـــیژن پـــیم کـــە بۆچـــی بـــی قـــەراری
مەگـــــەر پـــــەروەردەی بـــــایی بـــــەهاری
لـــە بۆچـــی ویلـــی کیـــو دەشـــتو ســـەحرای
بـــــەگیانت نیمـــــە تـــــاویٚ ئیختیـــــاری

-خەییام (بەکوردی-ئەحمەدی شالّی) —ل ٥٣:

عەشـــقی کـــە پـــاك بـــی ووشـــكو بـــی تامـــە
هـــــەروەك خۆلـــــەمێش بـــــی تـــرس ســـامە
عاشـــــق ئەوەیـــــە مـــــانگو ڕۆژو ســـــالّ
بـــی خـــەو بـــی خـــواردن بەبـــی ئارامـــە

تێبـینی: وەکو بلّی شەرحی مانای چوارینەکەی باباتاهیر دەکاتو هـۆی بـی قـەراریو بـی ئیختیاری ئەو دەدۆزێتەوە کە عەشقی بیسنوورە.

بەراوردی وردتری نێوان چوارینەکانی خەییامو باباتاهیر، لەوە زیاتر هەلّـدەگرن ئـەو چەند چوارینەیە، تەنیا بۆ نموونە، هێنارمانەوە...

جیاوازیەکیش ئەوەیە کە باباتاهیر، چ لە بەر نهێنیکاری، یا باوەڕی وەهـا هـەبووە، زیاترو ڕوون بەرەو سۆفیگەری چووە، وەلیٚ خەییام ڕاسـتەوخۆ(هیـچگەریی) گـەردوونی دەربڕیووە بـی پەرواتر باسی عەشقو مەستیو شـادمانی "ئەوکاتـەی کـردووە: واتـە: بەلای خەییامەوە تەنیا" ئاو دەمە....ئا ئەو ساتو کاتەی تێدایە" گرنگە، ئیتر هەرچـی دەبـی بابـی.

لە دیوێکی دیکەی فەلسەفەی دنیا بـبینینەوە، خـۆ چـەندین فەیلەسـوفو دانـای دیکە، بەتایبەتی هیندییەکان، لەوانەش تاگورو ئۆشۆو کرشینا مۆرتیو ئـەوانی تـر، فەلسەفەیان لەسەر بناغەی "ئـەم لەحەزیـە"و هیـچی تـر دانـاوە، کـە دەبـی مـرۆڤ هۆشیارو ئاگاداری ئەو لەحزەیە بـی کە تیایەتی، بزانیٚ لەچی بیردەکاتەوە، بـە چییـەوە خـەون دەبـنیو چیدەکا، چـونکە ڕابـردوو ڕۆیـشتووەو ئاینـدەش نـایزانین، کەواتـە: "لەوکاتەدا" بژی.



www.iqra.ahlamontada.com

سۆفیگەری ئەم و هیچگەری ئەو بەیەك سەرانجام دەگەن. ڕەنگدانەوەی فەلسەفەو شیعری باباتاهیر لە شیعری کوردی دوای خۆیدا:

ئەگەر بە شوێنیا بڕۆین، ڕەنگدانەوەی شیعری بابا لە شاعیرانی دیکەی فارسیو کوردیش دەدۆزینەوە. سالح هەلاج، پیداچوونەوەی وەرگێرانی کاروان عوسمان علی بۆ چوارینەکانی باباتاهیر لە (ل ١٠ -١٩) دا، نموونەی چواندنی شیعری بابا تاهیر لەگەڵ چەند شاعیرێکی کوردی هێناوەتەوە، لەوانەش، نالی، شەوقی، سالم، هێمن، مەلەوی، پیرەمێرد، ئەگەر وردتر ببینەوە ڕەنگدانەوەی چواندنی شیعری باباتاهیر لە شیعری فەقێ تەیرانو مەلای جەزیریو خانیشی دەدۆزینەوە، بەتایبەتی لەماناو بۆچوونی دنیابینیدا.

## بابا تاهیرو ئیبنوعەرەبی:

ئیبنو عەرەبی، کە ناوی تەواوی ئەبوبکر محمد ئیبنو عەرەبی حاتەمی تائیە(٥٦٠-٦٣٨) کۆچی بەرامبەر(١١٦٥-١٢٤٠ز)، فەیلەسوفێکی مەزنی جیهانی ئیسلامە، داناو سۆفییەکی ڕۆشندڵە (عارف)، چەندین کتێبی گرنگی بەجێهێشتووە، بە لایەنگری یەکێتی وجودو یەکێتی ئایینەکان(وحدة الوجود وحدة الادیان) ناسراوە، نزیکەی (٢٣٠) ساڵ دوای باباتاهیر هاتووە.

لێرەدا ڕەنگدانەوەی سەرنجڕاکێشی جیهانبینی باباتاهیری لەبارەی یەکێتی ئایینەکانەوە، لە فەلسەفەی ئیبنو عەرەبیدا دەبینین. جا ...... مەگەر ئەم بۆچوونە لەیەکێتی ئایینەکانو یەکێتی وجوود، لە کۆنەوە، لە دونیابینی سۆفیگەرانو ڕۆشندڵان هەبووبی، گەرنا دەبی بلێین کە ئیبنو عەرەبی سوودی ڕاستەوخۆی لە شیعرو فەلسەفەی باباتاهیر بینیوە، نەخاسمە کە لە شێوەی داڕشتنو وێناکردنیشدا شیعری هەردووکیان وەێکدەچن.

ئێستا چەند چوارینەی باباتاهیر دەهێنینەوە:

١-بابا تاهیر (بەهەوارمی باقی شەفیعی)

وە شـەلەی کەسانێ پـاو سـەر ئەژناسـان
جەگلپـەو شکـشان جـە تـەڕ نەژناسـان
جـە مزگـیو کەعبـەو دەیـرو بۆتخانـە
مـاوای بـی حـزوور دڵبـەر نەژناسـان



www.iqra.ahlamontada.com

-بابا تاهیر(بەشێوەی زاری خۆی):-

خۆشــــا انوکــــه از پـــــا ســــر ندوننــــــد
میـــان شـــعله خـــشكو تــــر نـــدو ننـــد
کنــــــشتو کعبــــــه وبتخانــــــهو دیـــــر
ســــــرایی خـــــالّی از دلــــــبر ندوننــــــد

واتە: (بە سورانی)

خۆزگــه بــەو کەســەی بـــی و ســەری خــۆی نەناســێ
مەشــخەڵی تـــەڕو وشـــك لێــك جیـــا نەکاتـــەوە
کەنیـــسە(کلیـــسا)و کەعەبـــەو بوتخانـــەو دەیـــر
(هـــیچ جێگـــەیان) خـــاڵی لـــە دلبـــەر نـــەزانێ

مەبەستی لە دلبەر خوای پەروەردگارە کە خۆشەویستی ڕۆشندڵانە.

بـــــصحرا بنگـــــرم صــــحنەی تـــــەوینم
بـــــه دریـــــا بنگـــــرم دریاتـــــــەوینم
بهرجـــــا بنگـــــرم کـــــودو درودشـــــت
نـــــشان قامـــــت رعنـــــا تـــــەوینم

-هەمان چوارینە بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی

بـــه ســـەحرا بنگـــرەم ســـەختەی تـــۆ وینـــەم
بـــەدەریا بنگـــرەم دەریـــا تـــۆ وینـــەم
بەهـــەر جـــا بنگـــرەم کـــۆوەو دەرودەشـــت
نیـــشانی قامـــەت رەعنـــای تـــۆ وێنـــەم



www.iqra.ahlamontada.com

(وابزانم بەم ڕێنووسە ماناكە ڕوونتر دەبـی).
بنگرەم : تەماشای بكەم واژەی (ڕوانگە) ببـینە.
وێنەم: ئەبـینم. مەدنیۆ(بەهەورامی). وشەكانی دیكە لەلای خوێنەران نـامۆ نین.

-(هەمان چوارینەی بابا تاهیر بەكوردی سۆرانی –كاروان عوسمان علی)
ڕووبكەمـــــە ســــەحرا وێنـــــەت ئەبـــــینم
بــــچمە نـــاو دەریــــا شـــێوەت ئەبــــینم
ڕوو لـــە هـــەر كــوێ كـــەم چــۆڵ و بــــیابان
شــێوەی بـــی وێنــەو بـــی هاوتـــات ئەبـــینم

-بابا تاهیر، لە چوارینەیەكی دیكەدا(بە سۆرانی كاروان عوسمان علی):
لـــەناو مەســـتانا مەســــت بم ڕووم لەتۆیــــە
لـــە دێـــرا بتپەرســـت بم ڕوو لـــە تۆیـــە
ئەگـــەر هێنـــدۆ كـــافربم یـــا موســـڵمان
لەهـــەر جـــۆرە مەبەســـت بم ڕووم لـــە تۆیـــە

-بابا تاهیر (بەسۆرانی ئەحمەد دڵزار) لە چوارینەكی تردا:
كــوێ یــە جێگــای تــۆ ئــەی یــاری دڵخــوا
هــەتا ئــەو جــێ یــە بكــەم بــە ڕێگـــا
هــەمو جــێ جێتــە كــوێری بــاگنم (بــاتنم)
خــەتام گــوت خــەتا، ئەستەغفر لــلا (استغفر الله)

-بابا تاهیر (بەزاری خۆی ):
كەنـــشتو كەعبـــەو بتخانـــەو دێـــر
ســـەرای خـــاڵی از دلـــبر نزوننـــد (ندوننـــد)



www.iqra.ahlamontada.com

-بابا تاهیر (به سۆرانی -کاروان عوسمان علی)

کــــــەمن دوورم لــــــەتۆ زوننــــــار دوبەســــــتم
ئەگــــــەر مــــــن پێکــــــەنم جــــووم، بــــت پەرســــتم
لــــــەپاش گفتــــــو بــــــەڵێنت ئــــــەی دلارام
بــــــەڵێن و گــــــوفتی دی نابــــــی مەبەســــــتم

ئیبن و عەرەبی چی دەڵێت؟

ئیبنو عەرەبی دوای زیاتر لە دووسەدو سێ ساڵ ئەو مانــاو تێگەیشتنەو بۆ چوونانەی بابا تاهیر لەبارەی عەشقو خواناسیو یەکێتی جەوهەری ئایینەکانو یەکێتی ووجودەوە، لە شیعرێکی جوان بەزمانی عەرەبی هۆنیوەتەوە.

ئیبنو عەرەبی دەڵێت:

وما كنت قبل اليوم اعشق صاحبي أڗا لم يكن ديني لدينه داني

لقــــد صــــار قلبــــي قــــابلا كــــل صــــورة
فمرعــــــى لغـــــزلان وديـــــر لرهبـــــان
وبـــــيت الاوثـــــان وكعبـــــة طـــــائف
والـــــواح تـــــوراة ومـــــصحف قـــــرآن
اديـــــن بـــــدين الحـــــب انـــــي توجهـــــت
ركائبـــــة، فالحـــــب ديـــــني وايمـــــاني
لنـــــا ســـــاوة في بـــــشر وهنـــــد واختهـــــا
وقـــــيس وليلـــــى ثـــــم في غـــــيلاف

ئیبنو عەرەبی، بەشێوەی خۆی، هەمان دنیابینی بابا تاهیر دەسلەمێنێو دەبیژێت:

-کەبەر لە ئێستا ئەو کەسەم خۆشنەدەویست ئەگەر ئایینەکەی نزیکی ئاینی من نەبا (ئەگەر هاوئایینم نەبا، ..." کە لێرەدا تەکرەوبووە"...



www.iqra.ahlamontada.com

-بەڵام ئێستا دڵی گشتەو وێنەو وێناو ئایین‌و بۆچوونێکی دیکە قبووڵدەکات " واتە: بە باوەڕی فرە چەشنەیی گیتی گەیشتووە"....

-لێرەدا، ئیبن‌و عەرەبی، بە یەکێتی ئایینەکان دەگات، .... کەوابوو بە بڕوای ئەو لەهەر شوێنێ، مزگەوت، کەنیسە، دێر، بتخانە، تا تەشکەدە، خوا بپەرستێ راستەو هەموو ئەو مەبەستیان خوایە. (بڕوانە: ل ٩٥، د. ابراهیم ئەحمەد و شوان، چاپی یەکەم دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠٠١ز). خۆ بابا تاهیر یش هەر ئەوەی گوتبوو کە هیچ پەرستگایەك، هی هەر ئاینێك بێ، لە وجودی خوای پەروەردگار بێبەش نیە، بەڵکو تیشکی خوا لە هەموو جێگایەکە .

یارسانبوون‌و زەردەشتبوونی باباتاهیر:

ئەگەر قووڵترو فراوانتری بە شوێنیا بچین، دەبینین لێرەدا دەردەکەوێ کە بابا تاهیر یارسانی (کاکەیی) بووە، بەڵکو ئەم جیهانبینیەی ئەو بەڵگە نامەیەکی دیکەیە (لە چەندین بەڵگە ی ڕۆشنی دیکە)، کە ئەو پەیڕەوی ڕێبازی یاراسان بووە، چونکە یەکبوونی بوون‌و یەکێتی ئایینەکان بناغەی پتەوی ئاینی یارسانەو، هەر لەسەر ئەو دیدە دامەزراوە.

سەراپای ڕێبازی یاراسانی لەبارەی یەکێتی بوون( وجود)و یەکێتی ئایینەکان دەدوێ، هەر ئەوەشە ئەنجامی فەلسەفەی دۆناودۆن (خولانەوە) کە هەر شتێك جێگەی ئەو دیکە دەگرێتەوە، یا، لەراستیدا، هەر شتێکی نوێ ڕەنگدانەوەی شتێکی پێشووی خۆیەتی.

جا.... گەر بەراوردی ئەم دنیابینیە لەگەڵ فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی بکەین، دەردەکەوێ کە یارسان‌و دنیا بینی یەکبوونی وجود (لە هەر ئاینێکدا) ڕیشەیان لە سەرچاوەی زولاڵی زەردەشتی ئاو دەخۆنەوە.

د. حسین وەحیدی، لە کتێبی، جیهان بینی زەردەشتی‌و عیرفانی موغان( بە فارسی)، بڵاوکراوەی ئەشا، تارانی(بێ مێژوو)، کە سەرچاوەیەکی پسپۆرانی توێژەری فەرهەنگی زەردەشتی، فەلسەفەی کەلتووری زەردەشتی، پوختو سادەو ڕوون، بەم شێوەیە دادەرێژێ: کە لە دڵی هەستی (وجود)و جەوهەری هەستی‌و



www.iqra.ahlamontada.com

گەردیلەکانی هەستیدا هێزێك بە ناوی( فرە وەهر" هەیە، کە هەر ئەوە، هەستی دەجولێنێ‌و بەرەو خولقان (ئەفران) دەیبا.

-لەو بارەیەوە ئەهۆرامەزدا (پەروەردگار) بە پەیامبەری خۆی زەردەشت دەڵێت: بەراستی، تۆ لە تواناو وزەو هێزەی فرەوە هرەکان(فریشتەکان) بەئاگا دێنم، کە پەیڕەوی فەرمانی بوونەو ئەم جیهانەیان خستووەتە جوولەو کارو وەرچەرخان. بەو شێوەیە زارۆکان لە زکی دایکیانا دەمێننەوە تا لەدایك دەبن، .. هەر بە ڕووناکی‌و بەرەکەتی ئەوانە کە ئاوی کانیاوەکان وشك نابێت‌و ..گیاو درەخت دەڕوێن.

د. وەحیدی، لەجێگەیەکی دیکە، فەلسەفەی یەکێتی بوونی زەردەشت ڕوونتر ئەکاتەوەو ئەڵێت: ڕەوەندی چالاکی جیهانی هەستی ڕەوەندێکی بەردەوامە کە هەر لەحزەیەك جیهانێك دەسڕێت‌و جیهانێك زیندوو دەبێتەو، کە جیهانی نەوزاد(تازە لە دایکبوو) هەنگاوێك لەجیهانی بەریی خۆی، لەپێشترە(پێشکەوتووترە). ئەم هاتووچۆو بوون‌و نەبوونە جەوهەری فەلسەفەی دۆنادۆن‌و یەکێتی بوونە.

نووسەر هەروەها دەبێژێت: لە دنیا بینی زەردەشتیدا، ژیانی تەنیا تایبەت بە جانەوەران‌و ئینسان نیە، بەڵکو لەم جیهانەدا، هەر شتێك بتوانێت کاریگەری بخاتە سەر شتێکی دیکە، ئەو زیندووە.

کەواتە: لە کەلتووری زەردەشتیدا، هەموو بوونەوەرانی هەستی: ڕووناکی‌و مادەو گیاو جانەوەرو گیاو درەخت‌و هی دیکە، هەموو زیندوون‌و، لە جەوهەری ژیاندا، پێکەوە یەکن.

لە سرووودەکانی زەردەشتا، وەختێك لەبارەی خۆرو مانگ‌و ئاوو گیا دەدوێن، بەشێوەیەك دەریدەبڕن کە ئەم بوونەورانە هەموو گیاندار زیندوون.

کەواتە: بیرو فەلسەفەی یەکێتی وجود(بوون=هەستی) لە ئاینی زەردەشتیەوە بۆ ئاینە کۆنەکەکانی کورد ماوەتەوە. .. بابا تاهیریش هەر ئەو ڕێبازەی گرتووە، کە لە کەلتوری تەواوی سۆفیگەران‌و تەریقەتەکان، ڕەنگی داوەتەوە، هەروەکو لەلای ئیبن‌و عەرەبی‌و مەولانا جەلالەدین روومی( بەر لە نزیکەی شەصەد ساڵ)و مەلا سەوراو ئیبن‌و سیناو سوهەروەدی‌و فەیلەسوفەکانی دیکەی جیهانی ئیسلام، تازە بووەتەوە.. تائەمڕۆش.. بەردەوامە.



www.iqra.ahlamontada.com

**بەڵگەی دیکەی یاراسانیبوونی باباتاهیر:**

مەبەستمان لە هێنانەوەی بابەتی پێشوو لەبارەی جیهانی بوونی زەردەشتەوە، بۆ سەلماندنی بیری قووڵ‌و هۆشی تیژی بابا تاهیرە، کە لە تۆی رستەو چوارینەی سادەدا، فەلسەفەی سەردەمی خۆی دەربڕیوە.

جگە لە نووسینەکانی توێژەرانی شارەزا وەك د. مارف خەزنەدارو ئەوانی دیکە، دەبینین کە بابا تاهیر، لە چەندین چوارینەدا باوەڕی خۆی بە ڕێبازی یارسان سەلماندووە:

١- ئەو چوارینانەیە کە سەردەمی خۆی بۆ کۆمەڵگەی یاراسانی ناردووە، کە لە (سەرانجام) ماونەتەوە، شایانی وەبیرهێنانەوە کە سەرانجام گرنگترین سەرچاوەی بیرو ڕای ئایینی یارسانە.

٢- لە چەندین چوارینە بڕوای خۆی بە یەکێتی بوون دووپات ئەکاتەوە.

٣- نازناوی (عوریان=ڕووتەڵە) کە نیشای پڕ هێزکاری‌و خواپەرستی‌و دوورکەوتنەوەیە لە ویست‌و بەرژەوەندی ڕۆژانەی دنیایی.... کە ئەوەش ڕەوشتی پێشەوایانی یارسانە.

٤- قیبلەی (ڕووگەی)..هەر کوێ بووە، کە یار (خوا)ی تێدایە، کە بێگومان لەهەموو جێگەیەك هەیەو، هەموو دەمێك هەیە.

٥- بڕوای بابا تاهیر بە فەلسەفەی یارسانی لەبارەی خولقاندنی گەردوونەوە، کە زاتی پەروەردگار لەناو (دوڕ) بووەو دوڕەکە لەسەر ئاوی دەریا بووە.

بابا لەم چوارینەدا بیروباوەڕی دەردەخات:

یـا گـێم دڕ دی هـەنی دریـە نـەبوو، یـار
یـا گـێم خـوردی، گێهـان پەیـدا نـەبوو، یـار
مـن ئـەژ ئـان ڕۆ بـە دامـان تـە زەددەسـت
د گـەر دوونـت پـەرو پـایی نـەبود، یـار

سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە) ئەم چوارینە، بەم جۆرە شی دەکاتەوە:



www.iqra.ahlamontada.com

واتە: ئەی یار لەو جێگەیەدا کە دورِم دی، د ەریا نەبوو، لەو جێگەیەدا کە خۆرم دی، جیهان نەبوو، من لە ئەو ڕۆژەوە دەستم گرتە داوێنت، لە گەر دوونت هیچ نیشانەیەك نەبوو.

سدیق بۆرەکەیی لە شەرحی زیاتر ئەو چوارینەیەدا دەنووسێت:

بابە( بابا) تاهیر لەم دوو بەیتەیدا دیاردییە دەکاتە وشەی(دورِ)و دلّیّ:

ئەی خوای گەورەو بەبەزەیی، لەو جێگەیەدا کە د ورِ بوو، منیش لەڕۆژی بەریندا لەویّ بوومو ئەو دوورِەم چاو پێی کەوت. ئەو دەمە هێشتا دەریاو زەویو ئاسمانو ئەم جیهانەت بەدی نەهێنابوو، وە لە جیهانی ڕوونو خاوێنی خاوێنی تۆدا، کە من هەتاوی خوایتیم دیو گەوهەری هەموو بەندەکان بۆ سروشت بوونو بەدیهێنانو بەلێنو پەیمانیانداو بەگەورەییو شکۆیی خوایی تۆ گەواهیان دا، منیش دەستم گرتە داوێنتو بەلێنم دا.

ناوڕۆکی ئەم راڤەیە بۆ شیعرەکەی هەمەدانی دروست هەر ئەو فەلسەفەیە کە یارسان لەبارەی خولقاندنی گەردوونەوە هەیەتی، ئەویش بوونی دورِەو، تەقینەوەیەتی کە ئەم گەردوونەی لێوە دەرکەوت.

کەواتە بابا تاهیر گەواهی دەدا کە ئەو دورِەی دیوەو لەوێدا بوو، ئەویش لە (دۆنێکی دیکەدا) یەکێك پەیڕەو و باوەڕداری فەلسەفەی یارسان نەبی، قەت ئەوە نابیتو لێشی حالّی نابیت.

-بەلّگەیەکی دیکەی یارسان بوونی بابا تاهیر ئەو بەیتەیەکە دەلّێت: " ئەز ئان ئەسپیدە بازوم هەمەدانی....." / من ئەو سپیە بازەی هەمەدانیم..... لێرەدا مەبەستم هێمای ( باز)و (سپی)یە، کە باز نیشانەی مرۆڤی پێگەیشتووی ڕۆشند لە سپیش هێمای ڕەنگی یارسانیە. جێگەی تێبینی قوولّە کە زەردەشتیش بازی بە هێمای هێزو توانا وەردەگرتو، ڕەنگی سپیی هێمای ئایینەکەیەتی.

لەدوای بابا تاهیرەوە تا ئەمڕۆ واژەی (باز) لە گوفتاری سۆفیگەریو ڕۆشندلاندا بەمانای پێگەیشتن بەپلەی بەرزی عیرفانیە.

چوارینەکانی بابا چەندین نیشانەو بەلّگەی یارسانیبوونو زەردەشتیبوونی ئەو تێدایە.



www.iqra.ahlamontada.com

## بابا تاهیر بۆچی بەکوردی شیعری داناوە؟

١-لەبارەی کوردیبوونی شیعری بابا تاهیر، تا ئێستا کەس وەك دكتۆر محمد نوری عارف، زانستیانە هەوڵی ئەوەی نەداوە، تا لە کوردیبوونی باباو شیعرەکانی بکۆڵێتەوە، بەدورستی سەلماندوویەتی کە کوردییە. (بڕوانە: د. محمد نوری عارف، وشەو زاراوەکانی بابا تاهیرو بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەکانی زمانی کوردیدا، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر (١٩٩٧).

لە ل٢٣ی کتێبەکەیدا د. محمد نوری دەنووسێت:

بەشی زۆر ئەو سەرچاوانەی کە لەبارەی شێوەی زمانو زمانی بابا تاهیرەوە شتێکیان نووسیوە، دانیان بەوەدا ناوە کە بابا لوڕ بووەو چوارینەکانی بە هەمان شێوە زمانی خۆی داناوە، لێرەدا بیروڕای (دارمیستەتیر)و (کلێمان خوار) ئەخەینە پێش چاو کەئەڵێن: زمانی ئاڤێستا زمانی مادەکانەو (هوار) شێوەی چوارینەکانی بابا تاهیر کەلوڕی یە، ئەباتەوە سەر ئەڤێستا(ئاڤێستا). دوای ئەوە، ئەو بیروڕایانە ئەخەینە پێش چاو(لوڕی)یان داناوە، بە یەکێ لە شێوەکانی زمانی کوردیو، باسەکەشمان (.......). ئەو راستیە بەبەڵگەوە ئەسەلمێنیو لە جێگای خۆیدا دێت... لەبارەی کوردیبوونی باباو شیعرەکەی ئەزیش لایەنگری د. محمد نوری عارفم ئەوەش دەڵێم کە، بەلای منەوە، شێوەزمانی بابا زیاتر ئاوێتەی لوڕیو گۆران (هەورامانی کۆن)ە کە زمانی ئاخاوتنو نووسین یارسان بووە، چونکەبابا بە خۆی هەڵقەیەکی هەرە گرنگی زنجیرەی پیا و چاك و ڕۆشندلانی ئایینی یارسانە، بە بەڵگەی ئەوەش، وەك هەر دەورەیەك، چەند مرۆڤی داناو پێگەیشتووی ڕۆشندڵ لە دەوری زاتێکی هەرە زانای رۆشنبین کۆدەبنەوە، بابا یەکێك بووە لە وپیاو چاکە فریشتە ئاسایانە، کە (....... لە پاکیو دروستکاریدا وەك فریشتە بووە).... کە لە دەوری (شاخوشین)ی لورستانی گرد بوو بوونەوە، کە هەمیشە چەند ئافرەتیان لەگەڵدا دەبی.

شاخۆشین( ٤٠٦-٤٦٧ کۆچی هەتاوی) دەرکەوتووەو بە پلەو پایەی بەرزی مەعنەوی گەیشتووەو خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا کەوتوون، لە یارە نزیکەکانی: بابا تاهیری هەمەدانی، بابا فەقێ، بابا بوزورگ، پیر شەهریاری هەورامی، کاکە ڕەدا، ڕەیحان خانم، لیزا خانم جافو چەند کەسایەتی دیکە.



www.iqra.ahlamontada.com

هەر بۆیەش چەندین چوارینەی بابا تاهیر لـە تێکـستی (سـەرانجام)، کتێـبو سەرچاوەی سەرەکی یارسان هاتوون. . سەرانجامیش، بەشـێوەی گـشتی، بـە شـێوە زاری کۆنی (گۆران) دانراوە، هەر بۆیەش، بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە شـێوەی زمـانی بابا لە بناغەوە، لوڕیو گۆرانە، کە ئاوێتە بوونە، لە تەك شێوەزاری باوی دیکـەی ئەو سەردەمەدا. واتە: گومان نامێنێتەوە لەوەی کە بابا بە زمانی کوردی، شـێوەی سەردەمی خۆی، شیعری داناوە.

٢- بەڵگەی دیکەشم ئەوەیە کە ئاینی یارسان (کاکەیی) لەبنەڕەتەوە ئاینێکی کوردی ئارییەو، ئەو کەسـانەی، بەشـێوەی ئێـستا دایانڕشـتوە، گرتوویـان کـە تازەیان کردۆتەوە. واتە بەر لە ئیسلامیش هـەر هـەبووە، بـەڵام ئەمانـە هاتوونـە بەرگی نوێیان لەبەر کردووە.

٣- بالورلی ماهی( دانا) (٢١٠-٢٨٥ کۆچی )، واتە نزیکەی دووسەد سـاڵ دوای هـاتنی ئیـسلام، ڕاپـەریوە، بـەزمانی کـۆنی کـوردی، ڕێبـازی یاراسـانی زیندووکردۆتەوە، بەخۆی لەم شیعرە کوردیەدا گووتویەتی:

ئـــەوا واتـــەی یـــاران، ئـــەو واتـــەی یـــاران
ئێمـــــە دیوانـــــەین ئـــــەو واتـــــەی یـــــاران
هـــــەنیٚ مـــــەگێلین یـــــەك یـــــەك شـــــاران
تازینـــــــدوو کـــــــەریم ئـــــــایین ئێـــــــران

-لە هەندیٚ دەسنووسدا هاتووە" تا زیندوو کەریم ئایین کوردان".

جا هەردووکی، لەماناداا، دورستن.بالورل دبـیژیٚ کەبەپێی هەندیٚ قسەی یاران (=یارسانیەکان، دۆستان، ئاشنایان)، دەبـی ئێمە شێتو دێوانەبـین(=کە بەزمـانی کوردی ئایینی کۆن نوێدەکەینەوە، بەلام ئێمە یەك یەکی شاران دەسوڕێنەوە، تـاکو ئاینی ئیرانی کۆن زیندووبکەینەوە (شەرحی سەیدق بۆرەکەیی).

بالوول، هەر لەسەرەتاوە، لەسەر ڕێبازی باوەڕ بە (دۆنایدۆن) دەدویٚو بـانگی زەردەشتی بەگوێانا دەدات.

ئایینی کۆنی بەر لە ئیسلامیش، ئـایینی کـوردی-ئاریـایی بـووە. واتـە ئـەو (ئیران)ەی بالوول باسی دەکات، قەوارەی سیاسـی نەخـشەداری ئێـستای دەوڵـەتی



www.iqra.ahlamontada.com

ئیران نییە، بەڵکو ئەو پانتاییە هەرەفراوانەی ئارابیە کە مەڵبەندی جوگرافیای ئایینی میتراو زەردەشتو مانی بووە، لە ئەفغانستانو ئاسیای ناوەڕاستەوە تاکو کوردستانو ئیرانو بلوجستانو ئارەزبایجانو جێگەکانی د یکە، کە ئەمڕۆ خەریکە بەناوی (قەڵمەڕەوی جەژنی نەورۆزەوە= ئەو دەوڵەتو میللەتانەی نەورۆز دەکەونەوە) خۆی بنوێنێ.

کەواتە: دوادا سەپاندنی زمان و فەرهەنگی عەرەبی، کە بەناوی ئایینی ئیسلامەوە بە قەڵمەڕەوی ئارییاکانا بلاّوبووەوە، یەکەمین جار کوردێك، ئەویش بالوولی دانایە هاتووە بەزمانی کوردی بانگی هەڵداوە تا ئایینی دێرینی کورد گشت ئارابیەکان، زیندوو بکرێتەوە.

بەواتایەکی دیکە، دەرکەوتنی ڕوونابیرێك، داوای زمانو فەرهەنگی کەو ناوی خۆی (=ناسنامەی خۆی) دەکات، ڕەتکردنەوەی زمانو فەرهەنگی عەرەبی بووە، نەك جەوهەری ئاینی ئیسلام، چونکەبالوولو شاخوشینو بابەتاهیرو هەموو ئەوانەی ئایینی یارسانیان زیندوو کردۆتەوە، بە قووڵترینو پتەوترین شێوە لەسەر خواناسی و یەکتا پەرستیو ڕێنومابیەکانی ئیسلام و ڕێزنامەلە پەیامبەر(د.خ)و یارانی ڕۆیشتوونە، تا ڕادەیەك خۆیان بەخاوەنی جەوهەری پەیامی پەیامبەرو ئیسلام زانیوە.

دەشبینین کە بابا تاهیرو پیاوچاکانی یارسان، کە هەموو سۆفیو ڕۆشندلو زانا بوونە، عاشقی ڕاستیو دروستکاریو پڕ هێزکاریو خواناسی بوونەو، سۆفیگەری ئیسلامیان دەوڵەمەند کردووە.

٤-بەڵگەیەکی دیکە کە بالوول بە مەبەستی نوێکردنەوەی ئایینی کوردانبووە، شیعری سەرهەنگی داودانیە (٢٢٤ کۆچی =واتە دوای بالوول هاتووە)، کە زانایەکی دیکەی یارسانە، دەفەرموێت:

سەرهەنگ داودان، سەرهەنگ داودان
ئەز کە نامەن سەرهەنگ داودان
چەنی ئیرانامان مەگێلم هەردان
مەکۆشم پەری ئایین کوردان



www.iqra.ahlamontada.com

واتە: من کە سەرهەنگی دەودانم، لەگەڵ موردیـانو پـەیڕەوانیو بـاوەڕداران، بەهــەموو شــوێنێکدا دەگــەڕێم بــۆ زیندووکردنــەوەی ئــایینی کــۆنی کــوردان، کەیارسانە.

دیاریشە، بەو بەڵگانە، ڕێبازی ئـایینی یارســان هــەر هــەبووە، وەلــێ بـالوولو سەرهەنگی دەودانو پیاوچاكو ڕووناکبـیرانی دیکە، بە شوێن یەکدا، هاتوون ئـەو ڕێبازە نۆژەنبکەنەوە، تەنانەت دواتـر دەلـێن کـە (سـەرانجام) پـەیڕەوانی ئەسـڵێ یارسان، جێگەی ئاوێستا (ئاڤێستا)گرتووەتەوەو، پیربنیامین، کـە پیرمورشـیدی گــشت یاراســانە، جێگــەی زەردەشــتی گرتووەتــەوە. بــە پێــی ســەرانجام پــیر بنیامین(پیربنیامین شاهۆ)، دەوروبەری سەدەی هەفتەمی کۆچی، لە چیای شاهۆو هەورامان، دەرکەوتووە: (بڕوانە: مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، نووسـینی: سەدیق بۆرەکەیی).

ڕێبازی بـیرکردنەوەو فەلسەفەی یارسان( وەکو د. جمـال نەبـەز بـە وردی شــی کردۆتــەوە) لەســەر بناغــەی دۆنــاودۆنو وەرچــەرخانو ســوڕانەوەو بــەردەوامبوون دامەزراوە هەروەکو ئاینی زەردەشتیش یاسای (ســوڕانەوەو بــەردەامبوون) دووپـات دەکاتەوە، شاعیرو فەیلەسـوفی ئــەڵمانی فریــدریك بنــچینەش هــاتووە بــیرۆکەی ســوڕانەوەو بــەردەوامبوونی، بــە بناغــەی فەلــسەفەی خــۆی دانــاوە، وەکــو لــە کتێبــی(زەردەشت ئاوەهایگوت) هاتووە.

کەواتە: جەوهەری فەلسەفەو ئاینەکان یەکەو لەیەك سەرچاوەوە هاتوە.

٥-ئا ئەوانــەی ریــشەو چوارچــێوەی فەلــسەفەی باباتــاهیر، کــە والێکــردووە، بەئاسانی ڕووبکاتەوە زمانی خۆی کە کوردییەو بەشێوەی ســەردەمی خــۆی شــیعر دابنێت.

چونکە، بە کورتیو پوختەیی، ئەوەی دەبا ئاینی کۆنی کوردان ببووژێنێتــەوە، دەبا هەر بە زمانی کوردی بـیگوتباو بەرهەمی نوێ دابنێ.

لەسەرەتای دەرکەوتنی بالوولی دانا( ماهی) یەوە تا سەدو پـەنجا پـێش وەیـان دەفتەر(کتێب)ی شیعری کوردی بەشـێوەی گـوڕان دانـراون، کـە چـەندین هــەزار لاپەڕەی پڕ بــەهای وێــژەو ئەدەبــیاتو کــەلتوری کــوردین. ئــەمجاش تــەنیا بــەم



www.iqra.ahlamontada.com

شێوەزاراوەیە لەسەدەی چوارەمو پێنجەمی کۆچییەوە، چەندین ژنی هۆشیاری زانای کورد دەرکەوتوونەو شیعری کوردییان داناوە، کە پێشتر ناومان هێناونە.

زمانی ماکی سەرەکی کەلتوورو فەرهەنگی هەر نەتەوەیەکە:

ئاینیش، جگە لەوەی کە ئایدیۆلۆژیاو فیکرە، بەشێکی گرنگی ناوەرۆکی کەلتوورەکەیەوە بووە. هەر بۆیەش نەتەوەی کورد، کەمتر لە دوو سەد ساڵ دوای هاتنی ئیسلام، بە شێوەی فیکریو مەعنەوی سەریهەڵداوەتەوە، لە جیاتی زمانو کەلتوری عەرەبی، ڕووی کردووتە زمانو فەرهەنگی کوردی، و ئاوێتەی فەلسەفەی ئیسلامی کردووە، بۆ خۆی کەلتورێکی تایبەتمەندی دارشتووە.

گشت میللەتە زیندووەکان هەمان شتیان کردووە.

بنۆڕنە میللەتی تورك، کە دوای وەرگرتنی ئیسلام، هاتووە زمانو فەرهەنگی بیروباوەڕی لە شامانیو هی تری پێش ئیسلامیان زیندوکردۆتەوە، کەلە ڕێبازی بەکتاشی —عەلەوییە تورکەکان دیارە. کوردیش هاتووە فەرهەنگی(زەردەشتیو بەر لەوی بوژاندۆتەوە).

ئێستاش زۆرانێك ڕووناکبیری ئێران دەگرینەوە فەرهەنگو فەلسەفەی ئیرانی بەر لە ئیسلام زیندویان کردۆتەوە. کە وابی، کوردیش رەچاوی هەمان یاسای ژیانی کردووە، بۆ ئەوەی بمێنێ دەکەنەوە شوناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەش مەگەر لەرێگەی زمانو ئەفسانەو داستانو باوەڕیو ئاینی کۆنەوە.

لەبەراوردێکی خێرادا دەبینین کە کورد بەر لەفارس گەڕاوەتەوە سەر بەکارهێنانی زمانی زگماك لە شیعرو ئەدەبیاتدا. بەڵکو فارسی نزیکەی دووسەد ساڵ دوای کورد ئەمجا شیعری فارسی (دوای ئیسلامی) داناوە . سەیرتر ئەوەیە کە یەکەمین شیعری فارسی دوای ئیسلام شاعیرێکی کورد، بە زمانی فارسی، داینیاوە. دوای ئەوەی بەساڵانێکی درێژ ئەمجا شاعیری فارسی زمان پەیدابوون تا دەرکەوتنی (فیردەوسی) ناسراوە بە دانانی (شانامە) مێژینەکەی، کە ئاماژە بۆ ناوی کوردو، رۆڵی کوردو، ئەفسانەو ئایینە هاوبەشەکانی کوردو فارس ئارییەکانی دیکە، دەکات.

کەواتە: بابا تاهیر، لەخۆڕا، یا بەرێککەوت، شیعری کوردی دانەناوە، بەڵکو لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی فیکریو ئەدەبیو میللی کوردا بوون.



www.iqra.ahlamontada.com

٦- دەمێنێتەوە بۆچی‌و چۆن بابا تاهیر. سەرکەوت لەداهێنانی شیعردا دەگەڕێتەوە سەر بیروڕای د. محمد نوری عارف کە دەڵێت سەردەمی لەدایکبوون‌و دەرکەوتنی بابا تاهیر واتە سەدەی چوارەم‌و هەموو سەدەی پێنجەم‌و شەشەمی کۆچی، دەوری ڕاپەڕین‌و ئەدەب بوو، بەتایبەتی غەزنەوییەکان‌و سەلجوقیەکان هانی فیکرو ئەدەب‌و زانستیان داوە، زاناو شاعیری گەورە پێگەیشتوون‌و دەرکەوتوون.



www.iqra.ahlamontada.com

## بابا تاهیرو
## بابا عەلی هەمەدانیو بەرزنجە

باباتاهیر هەمەدان لەبنەماڵەیەکی زانیارو شارەزای ئەدەبو عیرفان ئەدایکبووە. لەو سەردەمەدا سەرهەڵدانی فراوانی زانستو هونەرو کلتور بەگشتیو سەرانسەری ڕۆژهەلاتی گرتبۆوە، کە لەڕێگای (جادەی هەورێشم)وهاتووچۆی بازرگانو زاناو گەڕیدەکانی ڕۆژهەلاتو جیهانەوە پرشنگی ئەو سەرهەڵدانە بەهەمەدانیش دەگەیشت، چونکە لەسەر چەقی جادەی هەوریشم بوو، مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی بوو، کە ئێستاش بە بازاڕو بازرگانی دەناسرێت. جادەی هاوریشم لە چینەوە بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستا، بەرەو ئەورووپا دەڕۆیشت.

بابا عەلی، ئەندامێکی بنەماڵەی بابا تاهیرە، سەرچاوەکان دەڵێن کە برازایەتی، هەندێ کەس بەبرای دەیناسن، بەلام یاسین صابر صالح، لە ئینسکلۆپیدیاکەیدا دەنووسێت کە خوشکەزایەتی لەم بارەوە دەلێت:

-بابا عەلی هەمەدانی (١٣١٤-١٣٨٤) کوڕی سەیید یوسفی سەید مەنصورە، بە هەمەدانی ناسراوە، یەکێکە لە پیاوەهەر بەناوبانگەکانی سۆفیەکان، باوکی شێخ عیساو شێخ مووسای باپیرە گەورەی شێخانی بەرزنجەیەو خوشکەزای بابا تاهیری هەمەدانییە. پاش مردنی باوکی بابا عەلی، بابا تاهیر خاڵی گرتوویەتییە لای خۆی.

دوای تەواو کردنی خوێندنی ئایینی، لەگەڵ خاڵیدا دەچێت بۆ تورکیا، بۆ بینینی سوڵتان محەمەد فاتیحی عوسمانی، دواجار بابا عەلی زۆربەی ژیانی لە هیندستان بەسەر بردووە، زانایەکی ئایینی گەورەی سەردەمی خۆی بووە. زنجیرەی تەریقەتی دەچێتەوە سەر عەلالەدین سامنانی (١٢٦٠-١٣٣٥). بابا علی زۆر حەزی لە گەشتو گوزار بووە، گەلێ گەشتو گوزاری بووە، گەلێ گەشتی بۆ وڵاتە ئیسلامییەکان کردووە، وەك:

میسرو مەغریبو یەمەنو پاشان چووە بۆ حەج بۆ حیجازو، سەری لە بوخاراو سەمەرقەند داوە، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ هەمەدان، گەلێ کتێبی نایابی بە



www.iqra.ahlamontada.com

زمانی عەربیو فارسی داناوە، لەوانە: (ذخيرة القول)و (مشارب الاذواق)و (اسرار النقطة) و(شرح اسماء الله الحسنی)و گەلێکی تر.

دەربارەی شێخانی بەرزنجە، سەرچاوەکان ئەلێن کە بابا عەلی هەمەدانی، لە گەشتەکانیا، ماوەیەك لەناوچەی بەرزنجە ژیاوەو ژنی هێناوەو بنەماڵەی بەرزنجەی لێکەوتووەتەوە. لە (بحر الانساب) یشدا هاتووە کە باو باپیرانی شێخ عیسا، کە سەر زنجیرەی بەرزنجیەکانە. لە شاری هەمەدانەوە باریان کردۆتە دێ ی بەرزنجی کوردستانو ماونەتەوە، کە شێخ عیسا نەوەی ئەو بەمنەماڵەیە، کەسەرەتا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووەو پاشان لە لای زانایانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی بەپلەو پایەی زانستی بەرز گەیشتووەو، لەگەڵ شێخ مووسای برای گەشتوگوازاریان بەشارەکانی عێراقو میسرو حیجازو وڵاتانی دیکەیان کردووەو لە بەرزنجە جێگیر بوونەتەوە. لەسەردانێکدا بۆ ئاغجەلەر شێخ مووسا دەکوژرێت. پاشان شێخ عیسا خاتوو فاتەی براژنی (واتە: خێزانی شێخ مووسا) مارە ئەکاو دوازدە کوری دەبی لەوانەش سەیید سادق (لەسەر گردەکەی سەید سادق نێژراوە)و ئیسحاق کە دواتر بە سوڵتان ئیسحاق دەناسرێت. شێخ مارفی نودەیی لە قەسیدەیەك بەزمانی عەرەبی باسی داناییو زانینی شێخ عیسا دەداتەوە کە ڕێنمایی خەڵكو پەروەردەی کردوون.

مەبەستم بەرچاوخستنی لایەنێکی ژیانو زانایی بابا تاهیرو بنەماڵەکەیەتی، کە تا ئێستاش لەباشوورو ڕۆژهەڵاتو هەرێمەکانی دیکەی کوردستانیش تیشکدەداتەوە.

## کەلتووری کوردی، بۆچی (دوای بابا تاهیر بەروە کزی چووە؟

وەکو گوتمان، بابا تاهیر لە چاخێکدا دەژیا کە گەرمەی بزاڤو پیشەوەچوونی باری گشتی کەلتوروی کوردی بوو. ئەو بزاڤەش بەشێك بوو لە بوژانەوەو گەشەسەندنی زانستو کەلتووری تەواوی ڕۆژهەڵات بوو، لەهەمەدانەوە سەرانسەری کوردستانو ئێرانو چینو هیندستانەوە تا شامو میسرو ڕۆژاوای جیهانی ئیسلامی. واتە (رینینانس/هۆشیاریو بیداری) لەڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێکردبوو، لەکاتێکدا وڵاتانی ڕۆژئاوا لەشەوگاری دواکەوتنو نەزانیندا بوون.



www.iqra.ahlamontada.com

واته :- دەردی دڵی خۆی دەرژێنی وموسلمانان ئاگادار دەکاتەوە کە کەسێ دەرد سەری لێ کردوە بەیەکجار وزۆر ستەم وگرانن، یەکەمیان غەریبی ودووری وڵاتە، دووەمیان هەژاری وکەم درامەتیە کە ئەسیر و دیلیان کردوە ناتوانێت پەل بهاوێت وسێیەمیان غەمی یارە کە هەرچەند هەوڵ دەدات وگوشش دەکات نایگاتێ بۆیە دەڵێ غەریبی وئەسیری ئاسانە پێك دێت بەڵام دووری مەعشوقەکەی زۆر گرانە کەی بێ بیگاتێ؟

(٤١)

جـــوره بـــازی بـــوودەم رەفتـــەم بەنەخـــچیر
ســـیاه دەســـتێ زەدە بـــەر بـــاڵی مـــو تـــیر
بـــۆره غافـــڵ مەچـــەر دەر چـــەشمە ســـاران
هـــەر ئـــان غافـــڵ چـــەرە غافـــل خـــوره تـــیر

جوره بازی بودەم=جۆرە بازێ بووم .رەفتم= رۆیشتم . سیاه دەستێ =دەست رەشێ. زەدە = وەشانی، لیێیدا
مەچەر= نەرۆ. چەشمە ساران = ناو شاخان.
دڵزار گوریویەتی بە سەر زاری سۆرانی لە لا٨٠ دا بەم شێوەی خوارەوە :-

جـــۆره بـــازێ بـــووم چـــووم لـــە بـــۆ نەیـــچیر
دەســـــتێکی رەش دای لـــــە بـــــاڵم تـــــیر
غافـــڵ تـــۆ مـــەخۆ لـــە چـــەشمە ســـاران
غافـــڵ تـــۆ بخـــۆی، غافـــڵ ئـــەخۆی تـــیر



www.iqra.ahlamontada.com

(٩٦)

مــــوو كــــه ئەفـــسوردە حـــالم چـــوون نـــەنالم
شكـــــستە پـــــەرو بـــــالم چــــوون نـــــەنالم
هەمـــــە گويـــەن فـــولانى نالەكــــەم كـــون
تـــــە ئـــائى دەر خـــەيالم چـــوون نـــەنالم

ئەفسوردە=پەژمووردە، تەنيا(پەريشان كار، ئەحمەدتاقانە). تەئائى=تۆ دێيت.
دلزار لەلا٣٣دا كردوويەتى بەسۆرانى بەم شێوەی خوارەوە:

كـــەمن پـــەژمووردە حـــالم چـــۆن نـــەنالم
شكــــستە پــــەڕو بـــالم چـــۆن نـــەنالم
هـــــەمووێيـــژن فلانـــــى كـــــەم بنالـــه
كــو تــۆ دێيتــە خــەيالم چـــۆن نـــەنالم

ئەحمەد تاقانەش لەلا٤٧دا كردوويەتی بەسۆرانی هەروەها رازيش لە لا ٤٦ دا گۆريويەتی بۆ سەر زاری سۆرانی.

مەبەستی باباتاهير لێرەدا نالين و گريانی بۆ پەرێشانی حالی خۆيەتی كەتەنيايە لەم دونيايادا، كۆششو هەولدانی لەئاين و ئاين زانيدا بۆ ئەوەی نزيك بێتەوە لە مەعشوقەكەی كە پەروەردگارە بەلام چی بكات پەڕو بالی شكاوە نايگاتیێ ئيتر چۆن نەنالێت هەرچەندە دەورووبەری بەحالی دەزانن و پێی دەلێن كەم بنالە، بەلام ئەمو هەرجارێك خەيالێكی ئەو مەعشوقەدەكات كە هيواو ئاواتييەتی بيگاتیێ گريەو نالە دايدەگرێت.

(٩٧)

مـــوو ئـــەز جـــەور بوتـــان دەلێ رێـــش ديـــرم
زەلالــــــە داغ پــــــر دلێ پــــێش ديـــــرم
چـــو فـــەردە نامـــە خوانـــان نامـــە خواننـــد
موئـــەز خـــەجلت ســـەرێ دەر پـــێش ديـــرم



www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کەسی تر ناناسم ئاوی کوسەر بداتە دەرخواردم، هەر بە خۆی ساقی کەوسەرە.)

(١٢٨)

شـــــوێ نــــالْم شـــــەوێ شــــەوگیر نــــالْم
زە دەســــــت یــــار بـــــێ تـــــەدبیر نــــالْم
گـــــەهی هەمـــچوون پلْـــنگ تـــیر خـــــوردە
گـــــەهی چـــــوون شـــێر دەر زنجـــیر نـــالْم

گـەهی =جـارێ. هەمـچوون=بەشێوەی.تـیر خـوردە=تـیر لێ دراو.شـەو گیر=شەوارە بوو.

واتـە:-(شـەوێك گریـان و نالْـەم دێـت شـەوێکی تـر شـەوارەم کردبـێ دەنـالْم، هـەموی لـە دەست یارو مەعـشوقە بـێ تەدبیرەکـەی خۆمـە، ئـەو بـارەی مـن جارێکیـان وەك پلْنگێکـی برینـدار بـە تـیر دەگـرێم دەنـالێم، جارێکیان وەك شێرێکی بەند کراو بە زنجیر هاوار دەکەم ودەنالێنم.)

ئەحمەد تاقانە لە لا٣٦دا بەم شێوەی خوارەوە کردویە بە سۆرانی:-

ئـــــەنالْم شــــــەو، شـــــــەوگیر ئــــــەنالْم
لـــە دەســـتی یـــاری بـــێ تـــەگبیر ئـــەنالْم
گـــەهێ هـــەر وەك پلْنگـــی تـــیر خـــواردوو
گـــەهێ وەك شـــێری نـــاو زنجـــیر ئـــەنالْم

(١٢٩)

فەلـــەك پـــڕ هـــەم زەدی ئـــاخر ئەساســـم
زەدی پـــــڕ خـــــومرەی نیلـــــی لیباســـــم
ئەگـــەر داری بـــەرات ئـــەز قەســـد جـــانم
بکـــون ئـــاخر ئـــەز ئـــین دونیـــا ئەساســـم



www.iqra.ahlamontada.com

(٢٨٧)

بمـــيرم تاكـــه چەشـــم تـــەر نـــەوینی
شـــەرارەی ئـــاه پـــر ئـــازەر نـــەوینی
چـــنان ئـــەز ئاتەشـــی عـــشقت بـــسووچەم
کـــە ئـــەز مـــو ڕەنـــگ خاکـــستەر نـــەوینی

فەهمی کاکەی لەلا۹۳دا بەم شێوەیە کردویە بە سورانی:-

بمـــرم تـــاکو چـــاوی تـــەر نـــەبینیٚ
بلێـــسەی ئـــاهی پـــڕ ئـــاگر نـــەبینیٚ
وەهـــا لـــە ئـــاگری عیـــشقت بـــسوزێم
کـــە لـــە مـــن ڕەنگـــی خاکـــستەر نـــەوینیٚ

(*) خاکستەر=خوڵەمێشی، واتە ڕەنگ شیواو.

(٢٨٨)

دڵـــم بولبـــل صـــفت حـــەیران گـــولٚ بـــی
دەروونم چـــوون درەخـــت پـــی بیگـــل بـــی
خونابـــە بـــار دیـــرم ئەرغـــەنون وار
درەختـــی نەهلـــە بـــارش خـــوون ودلٚ بـــی

پی بیگل=پیکولٚ یان پەیکولٚ درەختێکی دڕکاویە لە دەشت وچولاٚیدا خورسك دەروێت.

ئەرغـەنون=ئەرخـەوان وشـەیەکی تورکیـە بـە مانـای ئاشـەوان.وار= شایستە، پەسەند .خونابە=خوناو(نم نم باران). نەهلـە=پـوچ، لاواز.صفت= توندوتولٚ، خەسلەت.



www.iqra.ahlamontada.com

